

# چوار چیرۆکی کورت

فەرهاد مستەفا

## شـاری واق واق

خوا لێی ڕازی بێت، ئەگەرەکو جەنابی (زەکەریای کوڕی مەحمود قەزوینی) لە کتێبی(آثار البلاد واخبار العباد) سەرەداوێکی لەمەڕ ئەو شارە نەخستبایەتە ڕوو، وامان زەند دەکرد شارێکە بە تەنێ لەنێو گێڕانەوە ساردوسڕەکاندا گەرموگوڕی هەبووە.. دەنا وەک شارێکی ڕاستەقینە کە پێگە و جێکەوت و ڕووخساری بووبێت، ئامادەیی نەبووە.

لێ.. گریمانەکان وێناکردنێکی دیکەمان پێ دەبەخشێت. وەک ئەوەی کەمەکێ بەو شارە بەدبەختە چووە.. کە چەند کەسێکی باڵادەست بەئەنقەست سورەتولقەیدەکەی دەسوتێنن و پاشتریش مێژوونووسەکان

لەسەر بنەماڵەکەیان تاپۆی دەکەن. ئیدی ئەوانەی شاربەدەرکراون یان یاساغە بۆیان بچنە ناو ئەو شارەوە، وەک تۆڵەیەک ناسنامەی شاربوونیان لێ سەندووەتەوە و تەواوی هەوڵەکانیشیان لەوەدا چڕکردووەتەوە کە بڕوات پێبێنن کە شارێک بەو ناوەوە وجودی نییە.

ژمارە و شێوەی شارەکان چەندن و چۆنن؟. نە وەڵامدانەوەیان ئاسانە نە پەیوەندی بە شاری واق واقەوە هەیە، مەگەر بۆ بیرخستنەوە... ئاماژە بەوە بکەین.. هەمووان دەزانین.. شارەکان جۆراو جۆرن. زۆرینەیان ڕەوتار و ئاکار و ڕووخساریان لە یەکدی جیاوازن. زیادەڕۆیی نییە گەر بێژین.. شار هەیە لە مانگێکدا دووجار دەکەوێتە حاڵەتی سەروعوزر شۆردنەوە، کە دەشێت شاری واق واق وا نەبووبێت. یان بابڵێین.. شار هەیە بە بۆرقییەوە چاوانی هەڵهێناوە و بەدرێژایی ساڵ مانتۆ ڕەشەکەی داناکەنێت. کە ڕەنگە شاری ناوبراو، پەچەی نەپۆشیبێت.

چەند گوناهە شارەکەم. شار هەیە.. هێندە غەمگین وەک ئەوەی دانیشتوانەکەی بۆ بەرێوەبردنی پرسە خەلق بووبن. یاخود شار هەبێت مرۆڤەکانی چوون شووشە بن و شارێکیش پاسەوانەکانی لە ئاسن. دەڵێن: شار هەیە وەک قفڵێکی داخراو وایە.. کلیلەکەی لای خوایە. ئەوەشم بیستووە.. شار هەیە لە نەسلی حۆرولعەین، وەک چۆن شار هەبێت لە جنسی ناسکی و دەم بە پێکەنین. شار هەیە تووڕە و شاریش هەیە بێ میمۆری.

کالفینو لە وێنای (مارکۆپۆلۆ)وە، گەلێک شاری سەمەرە و ئەفسوناوی بۆ قوبلای خان دەگێڕێتەوە. حەتمەن شێخ شەهابەدینی بەغدادیش لەو چەند بەرگەی بە موعجەمی بولدان ناوزەدی کردووە، چەند شارێک تاریف دەکات، کە خواوەند هەمیشە بە ئافاتی سەخت بەسەریان دەکاتەوە تا لە دڵسۆزی و باوەڕبوونیان دڵنیا بێت.


دەشێت ئێوەش وەک من بپرسن.. ئاخۆ جەنابی شێخ خۆی سەردانی دورگەی واق واقی کردووە؟ یان سەرچاوەکەی دەماودەم وەرگرتووە؟ ئەمانە هیچیان ڕوون نین.

گەلێک شتیشی باس نەکردووە _گومانەکە ئەوەیە_ ئاخۆ لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا ئەو دەنگانەی بە پارە دەکڕدرێن چەند یەکی دانیشتووان پێکدەهێنن؟ یاخود چەند ئەندام پەرلەمان خەسڵەتی پەیکەری سێ مەیمونەکەیان هەڵگرتووە.. چاو و دەم و گوێچکەی خۆیان داخستووە؟. یان ئەو جاشانەی بە پێشمەرگەی دێرین لەقەڵەم دراون و موچەیەکی مفت دەخۆن، چەندن؟.

ئەوەی شێخ زەکەریا لە غایلەی هەبوونی شارەکە ئارخەیانمان دەکات، کەشفکردنی جێکەوتی شوێنەکەیە.. کە لە دەریای چینەوە دەستپێدەکات.... مەگەر هاوکەوشەنی دوورگەی (زانج) نییە؟.

ئەگەر وەکو ئەو زاتە شتەکان بڵێمەوە، دەتوانم ئەوە بڵێم.. کە ناوی دوورگەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە چەشنە دارێک لەوێ ڕوواون، بەرەکەی شێوەی ئافرەتیان هەیە.. لەوە بەولاوەتریش.. دەنگێکیان لێدێت، کە بە بەردەوامی ناوی دورگەکەیان دەڵێنەوە.

سەیرتر.. ئاماژەیەک بە چوونی گەڕیدەو دۆزەرەوەکان ناکات. ئاماژەیەک نییە بەوەی هێزی پەیمانی ناتۆ بنکەیان لەوێ هەبێت.. وەک چۆن ئالای ڕێکخراوی (ئێم. ئەی. جی) لەوێندەر ناشەکێتەوە.. هەڵبەت ڕێکخراوە لاورگییەکانیش بە نێوی پەرەپێدان و هوشیارکردنەوەوە ناتوانن پارەیەکی مفت حەپەلووش بکەن. سەیرەکە لەوەدایە.. ئەو دوورگەیە ئەوەندە





ئاڵتونی تێدایە، تەنانەت زنجیربەندی ملی سەگەکانیشیان زێڕن.. لێگەڕێ لەوەی کە پۆشاکی بەریشیان ڕایەڵەی زێڕکەفتن.
مەراقی ئەوەمە شێخ پێمان ناڵێت لە شارێکی بەوجۆرە.. ئەگەر وەزیر و ئەفسەرانی هەواڵگری ئارەزوو بفەرموون.. سامان پاشەکەوت بکەن، چ جۆرە بانقەنۆت و نەختینەیەک گرد دەکەنەوە؟.
تۆ شتێکی تری لێ دەزانیت؟.

## مەخلووقەکانی دۆزەخ

سوڵتان موراد‌ی سێیەم بە تووڕەییەوە لە ئاهەنگسەراکەوە چووە دەرێ و تا هەموو ئەوانەی لەوێ دانیشتبوون بە مۆڵەقییەوە گوێبیستی وتەکانی بوون، کە بە کەفچڕینەوە دەیووت:
__نەمزانیوە سوورخانەیەکی هێندە فراوان لە مەملەکەتەکەمدا هەیە.
بە (سەفیە)ی شابانووشەوە کەسێک جەسارەتی نەدەکرد لە سۆنگەی تووڕەبوون و ڕووتبوونەوە سەیرئامێزەکەی سوڵتان پرسیار بکەن.
لە سۆنگەی گێلە گێڕانەوەی ئەو گەلە ڕووتبوونەوەیە، چەندان گوێگری کاڵفامی بەبێ زمان خستە گۆڕەوە و چەندان گێڕەرەوەش پۆستیان سەندرا و لەپای ئەوەش گیرفانی چەندان خەفیەچی و نهێنگر بە لیرە سیخناخ بوون.
پاش هاتنە سەرکاری سوڵتان عوسمان، گێڕانەوەکان دەستیان پێکردەوە. چەندان شێوە گێڕانەوە چاوانیان هەڵهێنا.. مەگەر نا.. تاکە خاڵی هاوبەش بۆ تەواوی گێڕانەوەکان.. ڕووتبوونەوە سەیرەکەی سوڵتان موراد بوو.
وەک دەڵێن: سوڵتان موراد وێڕای ئەو هەموو کەیفسازی و بەزم سەرایەی هەمیشە کورە پڕ پشکۆبوو، ئەمما بە دیوەکەی تردا بێ ئامان و سەرسەخت و بێ بەزەیی بوو.
تاکە ڕستەیەک سەبارەت بەو بەزم سەرایە لە زارییەوە دەرپەڕی، هێندە بوو:
__پوچترین دیمەن بوو کە بینیم.
هەندێک دەڵێن.. تووڕەبوونەکەی لە ڕووتبوونەوەی (سەفیە)وە سەری هەڵدا. کە ڕەشە خەڵکەکەش دەیانزانی سەفیە هێندە مەودای دەسەڵاتی فراوانە، کە دانان و لابردنی سەرجەم سەدر ئەلئەعزەمەکانیش بە ئاماژە و حەزی خۆیەتی. چما هێندە بێ ئابڕووە؟ یان تەلیسمێکی شەیتانیانە خزایە ڕوحی سەرجەم ئامادەبووەکانی کۆشک. وا بە تێکڕای چۆن لەدایکبوون ئاوا دابنیشن؟ خۆ ناکرێت (جان باتیست گرنووی) ئەو سەروەختە ئامادەیی بووبێت و لە هەمبەر تەلیسمی تێکەڵەی ڕوحی بۆنەکان ڕووتی کردبێتنەوە؟ ئەوەی لە گێڕانەوەکان بە ئێمە گەیشتوون.. بە جۆرێکی ترە. ئەو بەزم سەرایە.. یەکێک بوو لەو شەوانەی سوڵتان موراد‌ی سێیەم زۆرترین پێکەنینی کرد.. زۆرترین نەرمی و سۆزی پێشکەشکرد.
ئەو کاتەی یەکەمین قومی بادەکەی هەڵدا.. خۆبەخۆ، بڕیاری دا تا دوایین سنووری ئەندێشەکان هەنگاو بنێت.
کەس هەستی بەو سەفەرە ئەفسوناوییە نەکرد. تاکو تەنیا، کەوتە ڕێ. لێ.. هێشتا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێڕۆشتن بوو.. هەستی کرد ماندووە.. چیتر ناتوانێت بەردەوام بێت. بڕیاری دا بگەڕێتەوە. ئەو کاتەی وەرچەرخا، چەندان مەخلوقی سامناک.. مەخلوقێک وەک ئەوەی لە دۆزەخدا ژیان بگوزەرێنن.. تێیان خوڕی:



__ناتوانیت بگەڕێیتەوە.
لێی پرسیبوون: بۆ؟
وتبوویان: هەر ئەوەندەی گەڕایتەوە دەکوژرێیت.
سوڵتان موراد وتبوی: بەڵگەتان چییە؟
وتبوویان: تەماشای سەفیەی هاوسەرت بکە.
سەفیە.. وەک ئەوەی چرکەساتێک خانمی کۆشک نەبووبێت.. بێعارانە لەگەڵ هەر سوڕدانێکی کەمەری، ماچێک بۆ وەزیرێک.. ئەعیانێک.. فڕێدەدات.
سوڵتان موراد.. دەستی برد شمشێرەکەی لە کالان هەڵکێشێت.. شمشێری پێنەبوو.. مەخلوقەکان پێیان وت:
__رووتبەرەوە.. لێرە کەسێک لە کەسێکی تر گەورەتر نییە!.
سوڵتان موراد وتی: سەرمام دەبێت!.
پێیان وت: ئەوانەی لە (قارس)یشن سەرمایان دەبێت.
سوڵتان موڕادی سێیەم بە بێ ئەوەی یارمەتی بدەن.. کەوتە داکەندنی تەواوی پۆشاکەکانی. رووت ڕووت بووەوە. ڕێگایان دا.. بە خێرایی بە جەنگەڵەکەدا گەڕایەوە.. سوڵتان چاوی هەڵگلۆفت.. نەک هەر خۆی، مەعشەرێک لە دەستوپێوەندەکانی بە ڕووتی بەرانبەری دانیشتبوون.

## سەر دز

کێ باوەڕ بەو تۆمەتە دەکات.. ئەو سەرەی بە جەستەی منەوەیە، سەری کەسێکی تر بێت؟. زۆر بەکورتی.. من سەری مرۆڤێکی دیکەم دزیوە؟!.
بۆ ئەستۆپاکیم.. دەبوو چاوەڕێیکەم ئەو کەسانەی سەریان لێکرابۆوە، یان سەریان بڕابوو، بێنە ڕوو و لێیان بسەلمێنم کە من سەری ئەوانم نەدزیوە. دەبایە منیش داوای سەری خۆم بکەم، کێهە بە



بەبێسەر چاوانی هەڵهێناوە؟. وەڵامیان ڕستێ جنێو و فەلەقەیەکی بێمروەتانە بوو!.
دەمووت: ئەوە سەرم.. لێم وەرگرنەوە!.
دەیانووت: شتەکان بە یاسا بەڕێوەدەچێت.
گەیشتمە ئەو بڕوایەی تا ئەوەی کەس خۆی بە خاوەنی قۆڵ و قولوقاچ و.. گیپاڵیشم نەزانێت، ڕەزامەندبووم بە واژووکردنی مردنی خۆم. تا ئەو کاتەی لە دۆسییەی باری کەسێتی هێڵێکی ڕاستوچەپیان بەسەر ناوەکەمدا هێنا و بە مردوو لەقەڵەمدرام و لە بەشی ڕشتەی توێکاری دۆسییەکەم بە مرۆڤە بێسەرەکە پڕکرایەوە، ئاگام لەخۆم بوو. دەهاتە بەرچاوی زەینم.. دەبوو شاردنەوەی تەرمەکەشم یان تەرمی مرۆڤێکی بێسەری تر لە نیوەشەوێکی درەنگدا ڕوویدات.. کە چەند کارگوزارێکی شارەوانی بە جنێوبارینەوە ئەو جەستە ترسناکە بتەپێننە ئەو چاڵەی بەتەنیا هەیبەتی گۆڕ نابەخشێت.
عەیامێکە تا ئەوەی کەس هەترەشی لێم نەچێت، کەسێک نادوێنم و کەس قسەم لەگەڵ ناکات. کە بڕیاریان دا.. چوونە دەرەوەم نەبێت. ڕازیبووم. دانە دانە بەجێیان هێڵام، دەنگم نەکرد.
ئێستا توران پێم دەڵێت.. خاوەنی جوانترین سەری دنیایت، نە قژت هەڵدەوەرێت، نە پەنا بە بۆیاغ دەگریت.
دەزانم لە دوای بەجێهێڵانی دایکی، تاکە کەسە بەخەمی خۆیەوە نییە و نایەوێت بەجێم بهێڵێت. زۆرینەی کاروبارەکانی.. هێنانی ئاوێنەکانن، کە سەری خۆمیان تیاببینم. ئاوێنەکان دەخەمە بەرامبەر یەکتری.. ئاوێنەکان سەیری خۆیان دەکەن.
هەموو کەس دەزانێت مردووەکان توانای بزاوتن و ئەمسەر و ئەوسەریان نییە. دەمووت.. ئەوەنییە ئێستاش وەک جارانم ڕقم لە شۆربایە و.. دەتوانم





بچمە ئاودەست و گۆرەوییەکانم بەرلەبۆنکردن دابکەنم و سەرۆک لە تەلەفزێۆنەوە ببینم و نینۆکم بکەم و...
.

دێتە یادم.. بەر لە لێبووردنە گشتییەکەی جەژن، گەیشتنە ئەو سنوورەی دڵڕەقی فێڵیان لێنەکات.. بێپەردە دەیانووت: ڕۆژانە مرۆڤەکان سەریان لێ دەدرزرێ.. هیچ کەسێک هێندەی تۆ، تۆمەتی سەر دزینی لە ئەستۆ نییە.

ماوەیەکە توران سواری ئۆتۆمبیلم دەکات و بە قادرمەکاندا سەرم دەخات، کۆمەڵێک مرۆڤ سنگ و پشتم ڕووتدەکەنەوە و تەماشام دەکەن. بە هەمیشە جامولکەیەک حەب لە تەنیشتمەوەیە و کە میز دەکەم بۆنی دەرمانێکی تیژم لێدێت.

ئەو پیاوانە ئامۆژگاریم دەکەن.. چ ئەوەی منداڵێکی هاروهاج ببینن، ئاخر.. هەموو منداڵێک لە تەمەنی خۆیدا ئەو هەڕەشانەی لێکراوە!.

تەنها جارێک یەکێک لەو مرۆڤانەی کە بەکۆمەڵ چووبوونە بەردەمی، بەدەم جگەرەکێشانەوە پێی وتم: بەڵێ تۆ مردوویت، تاکە شتێک کە لەسەرتە ئەنجامی بدەیت، بیسەلمێنە کە تۆ سەری خۆت لەسەر جەستەت داناوە و کەس مافی تاوانبارکردنتی نییە.

یەکێک لە نەخۆشەکان بەپەلە تەنیشتی چۆڵکردم. لە ڕێگای هاتنەوەمان، وتم: توران.. ڕێگەم بدە کەمێک لەبەردەرگا بوەستم، ئەوەندە قسەم بۆ ئەو دیوارانە کردووە، چیتر بەتاقەت نین گوێم لێبگرن.

شوفێرەکە بەحەپەسانەوە ڕووی تێکردم. وتی: خاڵۆ کێ ناهێڵێت بێیتە دەرێ؟.

کەس پێی نەوتبوو مافی پرسیارکردنت هەیە. کە شۆفێرێک بەنرخێک دەتگەیەنێتە شوێنێک مانای ئەوە نییە بەهەموو نهێنییەکت ئاگاداربێت. لەوانەیە بەزەیی بۆم جوڵابێت یان وەک شێتێک تەماشای کردبێتم.. یا سۆنگەیەک بم زیاتر لەگەڵ توران بدوێت.. تووڕەبووم، وتم:

_تۆ ناهێڵیت.. باوکت ناهێڵێت.. مامت... دراوسێکەتان.. ئەو ئەفسەرە هەواڵگریەی کە تۆ چاپلوسی بۆ دەکەیت.

وەڵامی نەدامەوە.. گرژ بوو. بزەیەکی دەستکردی بۆ توران کرد، توران تەماشای منی کرد.

گەیشتینە ماڵەوە. وتم: توران ڕێگەم پێ دەدەیت؟!.

وتی: باوکە گیان تکایە ڕەنجمان بە با مەدە. بەرلەوەی بچینە ژوورێ.. وتی:

_بەمەرجێک لەگەڵ کەس نەدوێیت.


کەسێک بە حەپەسانەوە سەرنجی نەدام. تەماشای چەندان کەسم کرد. کەسیان هەستیان نەکرد مرۆڤێکی بێسەر لێیان دەڕوانێت. لە مێژە هەنگاوهەڵنانی هیچ کەسێک سەرنجی ڕانەکێشاوم. مرۆڤی ناو شاشە و کۆڵانەکان جیاوازن. ژنێک دەرکەوت.. حەزم دەکرد ڕووتبوونی پوزەکانی هەڵکشاوتر بووایە.. تا بن ڕانی. تەماشای نەکردم و نەیزریکاند.

پیاوێک هاوتەمەنم بوو بەرەو ڕووم هات.. دەرگاکەم بە ئەسپایی پاڵنا.. توران لە حەوشە نەبوو. ڕووخسارێکی غەمگینی هەبوو، خۆزگەم بە ڕووخسارەکەی نەخواست، بەزەییم پێیدا هاتەوە. کە گەیشتە حانای من، دوو هەنگاو لێم دووربوو، پێم وت:

_دەکرێت پرسیارێکت لێب کەم؟. چاوەڕێی ڕێپێدانی نەبووم، وتم: من سەرم پێوەیە؟ من.. مردووم؟!.

کابراکە، وەک نەخۆشەکانی کن پیاوەکە، ترسنۆک و خوێڕیلە نەبوو، پێی وتم: ناوت چییە؟.

وتم: جا وتنی ناوم هیچ لە وەڵامی تۆ و لە چارەنووسم دەگۆڕێت؟.



کابراکە دەستبەجێ وتی: بێگومان.
ناوی خۆمم نەهێنا و ناوی کوڕەکەمم وت.
وتی: بەڵێ جەنابت نە سەرت هەیە و نە زیندووشیت.
وتم: درۆکردن لە تەمەنی کەسێکی وەک جەنابتا جوان نییە!! کەسێک سەری نەبێت چۆن قسە دەکات؟ مردوو کەنگێ توانای پرسیاری هەیە؟.
پیاوەکە سەرنجەکەمی بەلاوە گرنگ نەبوو، گومانی ئەوەی لا دروستکردم کە نەیبیستبێت، خەمم بوو بەجێم بهێڵێت، دووپاتم نەکردەوە، پێم وت:
بمبوورە ئەوە ناوی من نەبوو.. بەئەنقەست ئەو ناوەم وت.. ئەوە ناوی ئەو کوڕەمە کە هەرگیز نایبینم!.
چیتر لە پیاوە غەمگینەکە نەدەچوو کە گریمانەم دەکرد، دروست.. لەو ئەفسەرە خوێنساردە دەچوو کە بە هەمیشە دەیووت: ئەو کەللەیەی بە جەستەتەوەیە هی تۆ نییە و دزیووتە.
بە لەخۆباییەوە وتی:
هەڵبەت.. دەبێت سوپاسگوزارم بیت کە هەردوو ڕۆژەکەش لە پرسەکەتدا بەشداربووم.
وتم: بەڵگەت چییە کە ئەو پرسەیە بۆ من بووبێت؟.
وتی: تۆ هوتافکێشەکە نیت؟.
وتم: کام هوتافچی؟.
وتی: ئەوەی داوای دەکرد ئەم حوکمەتە بڕوخێت؟.
وتم: حوکمەت چییە؟.
وتی: ئەوەی درۆی لەگەڵ عومەری خاوەر کرد.
وتم: عومەری خاوەر کێیە؟.
وتی: خۆ تۆ یارانی ئەشکەوت نیت.. لەبیرت بێت گێلبوونیش سنووری هەیە... دەرفەتم نییە هێندە ڕابوەستم.. بەڵام خۆشحاڵمـــــــ.... .
توران سەری هێنایە دەرێ.. پیاوەکە گەیشتبووە سەر سووچەکە... نابێت هیچ پرسیارێکی لێ بکەم.. بیانوویەکی نادەمێ نەهێڵێتەوە لە بەردەرگاکە ڕابوەستم. دەرگاکەی ئاوەڵاکردەوە.. لەپێش ئەوەوە چووە ژوورێ.



## لە باوەشی منداڵیدا... ئاهێك

بڕیار بوو.. من یەکەمین هەلی هەلووکەکە لێبدەم.
وتی: گزی مەکە.. با بچمەوە شوێنی خۆم.
تەماشایان کردین.. نازانم چەند کەسبوون!. پێکەنین.
چووینەوە کەلاوەکە.. نە قسنەکەی (پیرمەحموود) دیاربوو، نە دارتووە بە باهووەکەی. بۆ تەمتەمەیەک چاومان گێڕا.. نەماندییەوە، بۆ گلۆرەکەمان گەڕاین.. هیچمان نەبینی. چەند قتوویەکی ژەنگاویی ماسیی توونە و چەندین شووشەی شکاو و کاغەزی دڕاو و دایبی و ئێسقانی مریشک و ڕۆژنامەی لوولکراومان بینی. ژنێک تەماشای کردین. پاش کەمەکێ، ژنێکی تر و دوو کیژۆڵە.. بە سەرنجەوە سەرنجیان دەداین.. شەرواڵەکەی داکەوتبوو.. ویستم شەقێک لە پاشیلەی هەڵبدەم، گوورم نەبوو... تێر پێکەنی، وتی:
ـ بۆتە گرێکوێرە.
پێڵاوەکانی داکەند.. وتم: گۆرەوییەکانت بۆنیان دێ.
... بنی قاچی زبر و زەردهەڵگەڕاوبوون.
دوو کوڕیش لە حانای ژنەکانەوە تەماشایان دەکردین.
وتم: دابەزە پشتم شکا، مەگەر نەک پیر بوویت.. کوێریشیت!!.
ڕاستی وت.. پاسارییەکان لەو کۆنکرێتەدا هێلانە چێ ناکەن.
... ئەفسەرەکە. تەماشامان دەکاتەوە.. پێمان دەڵێت.. دزێکی گەمژەن، هیچ نەبایە بەشەو ئەو گەلحۆییەتان ئەنجام بدایە.
ئێمە تەماشای یەکتری دەکەینەوە، بە غەمگینییەوە.. قاقا پێدەکەنین.